“مردووشەر” و چیرۆکەکانی سەلمانی ئانانی کتێب ... نووسینی بەکر ئەحمەد

ناوی کتێب: مردووشەر
نووسینی: سارا عومەر
وەرگێڕانی بۆ سویدی لە دانمارکییەوە: لیە گۆفرت
بنکەی بڵاوکردنەوە: پۆلاریس
ژمارەی لاپەڕە: ٢٩٥
_____

لەژی 10 ئاوگوستی 2016 یەو فرەسک لە خەستەخانەی “سکەیبی” دانمارک بە دەست بیماریەی دڕوونی و جەستەییکانی خەیاڵەوە دەناڵێنێت. ئەو ئێستا لە تەمەنی ٣٠ ساڵی خەیداید و لە ئاخاوتنکی دەستانێ و هەندک جار نادەستانداا بشک لە حکایەتی ژیانی خەی بە “دڕیا”ی پڕرستیار کە کوردکی وڵاتی خەیاڵتی و لەم خەستەخانەیداا کاردکات، دەگێڕتەوە.

فرەسک لە دایکبووی سلەمانیەو کاتیک دەتە دنیا، قژ بەسڕیەوە نیەو گودیلەیکی سپی درژ بە ناوچەوانیەوەیەتی. بە خەڵکانکی زڕ، کچک بەم سڕ و سیمایەوە، یان ئەوەتا نەفرەتکی خودایی تیا بڕجەستەیەو بڵایەکە بە کەس وکار و بنەماڵەکەی، یان ئەوەتا دکرە موعجیزەیک بەت و نیشانەی پەیامک بەت لە ڕەی ئەم کچەوە نەردرابەت. بەڵام ئەنواری باوکی فرەسک بەوەی خوازیاری کوڕ و کچی دەبەت، لە پاڵ دندەیی خەیدا وەک پیاوکی تووڕە، هەرچی ڕقی کەبووەوەی خەیاڵتی لەوەی کە کچیان بووە لە “ووبار”ی هاوسڕی خەیدا بەتاڵ دەکاتەوە و لە کەمەڵک پیلانی جڕاوجڕدا خوازیاری لە ناوبردنی کیژەڵە تازە لەدایکبووکەیەتی. نەک هەر باوکی فرەسک، بەڵکو هەموو بنەماڵەی ئەنوەر بە چاوکی سووکەوە لە دایکی فرەسک و کچە تازەبووکەی دەڕوانن و ئەم ڕقی دژی کچبوونەی فرەسک لەناو ئەندامانی بنەماڵەکەیاندا پڕە پەدەدەن . دایکی ئەنوەر، هەر لە هەفتەکانی دوای لە دایکبوونی فرەسکەوە دەیەوە فرەسک خەتانە بکات و بڵام لەو لاوازی فرەسک و نانەخواردنی ئەو، ووباری دایک دەتەقەنەت لەوەی کچکەی بڕگەی ئەم نەشتڕگڕیە خەماڵیە

نەگرت و لە ناچاریدا بە دورخستنەوەی فرمسک لە پیلانەکانی باوک و بنەماڵەی ئەو، فرمسک دانەرێتە لای دایک و باوکی خۆیی تا چاکدەبێتەوە و بەو ئومێدەی ماڵی نانو باپیرەش، ببێتە پەناگایەکی ئارام بۆ ئەو.

گەوهەر، نەنکی فرمسکە و تاکە مردووشۆری شارە. ئەو لەگەڵ دەروێشی مەردیدا کە پیاوێکی زەردەشتییە ژیان بەسەر دەبات و ئەو کارە دەکات کە هیچ کەسی تر لە شاردا، جگە لە دەستە خوشکەکانی دیکەی گەوهەر کە لە زیکر و تەراویح و نوێژ بە کەمڵەکانی خۆیاندا یەکدەگرنەوە، پێیانوانییە ژنە کوژراوەکانی شار شایانی ناشتنن. بەڵام گەوهەر، وەک ئامادەکردنکی ڕاحی، ئەم جۆستە لێت وپێتکراوانەی قوربانییانی شەرەف پاک دەشوات و بە دوا ماڵیاوایی خۆیان کفن و دفنییان دەکات و دەروێشی مەردیش لە شاردنەوەی ئەواندا، هاوڕێ و هاوکارێکی گەورەیە.

زەمەن لەم ڕۆمانەدا لە ١٠ ی ئاوگوستی ٢٠١٦ وە دەستپەدەکات و دیمەنەکانی دیکەی ڕۆمان بەشێوەی فلاشباک و وەک بەشێک لەو تراومایەی کە فرمسک لە ژیانی خۆیدا دووچاری بووە، دەمانگێڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. واتا ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە لە نێوان ١٩٨٦ و ٢٠١٦ دەگووزەرێ.
بەڵام مەژووی نائومێدی و دەردیسەرییەکانی کە فرمسک دووچاری دەبێت لە نێوان سالانی ٨٦ و ٩١دایە. ئەم ڕۆمانە مەژووی ژیانی شەش ساڵەی منداڵێک دەگێڕێتەوە لە گەرمەی جەنگی ئێران و عێراقدا و بەشەکیش لە ڕووداوە مەژوویی و سیاسییەکانی کەمەڵگای کوردستان تیشکیان بەردەکەوێت. شوێن لەم ڕۆمانەدا شاری سلێمانییە کە سارا عومەر بە زاموای ناو دەبات، گوایە ناوە کۆنەکەی سلێمانییە.

ئاگەر شەش ساڵی تەمەنی منداڵێک کرێکی ئەم ڕۆمانە پێکدەهێنێت، ئەوا سارا عومەر لەم ڕۆمانەدا بەشێکی زۆر لەو پراکتیکە دەندە و نا ئینسانییانەی کە ژن لە کەمەڵگای کوردستاندا دووچاری دەبێتەوە، دەبێتە شۆنی نیگاو جێگایەک لە چیرۆکە کوورت و ئاماژە کولتووریەکانی ناو ئەم تێکستەدا داگیردەکات.
ئەم تیکستەی سارا عومەر، هاوارێکی تووڕە و تووندی ژنانەی کوردییە لەبەرامبەر ئەو کولتووری شەرەفەی کە قوربانیەکانی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، کوردی پێدەناسرێتەوە.

ئاگەر تاوانکانی کولتووری شەرەف ئەدەبیاتێکی سیاسیی گەورەی لە ئەرشیفی بزووتنەوە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان و دواتریش

هەڵکشانی کۆمەڵگای مەدەنیدا داگیرکردبێت، ئەوا "مردووشۆر"ی سارا عومەر، بە ئەرشیفکردنی ئەم مەژوو لەکدارەی کۆمەڵگای کوردستانە لە بواری ئەدەبدا.
زۆر جار لە جەدەلە سیاسییەکانی کە دەربارەی پرسی یەکسانی و خەباتە لەبەرانبەر کولتووری شەرەفی ژنکوژی کوردیدا، ژمارەی جەندەری کوردی دەخرێتە بەرباس و لەکۆینەوە و باسیلوەدەکرێت، بەڵام "مردووشۆر"ی سارا عومەر نمایشکردن و بووونی نیشاندانی ئەو تەوەزەڵ و لێکهەڵپەکراوەی ئەم ژمارەی جەندەرییە کە تیایدا تراديسیۆن و ئایین، کولتوور و دواکەوتوویی وجەنگ ئینسانەکانی لە داوەکانی خۆیدا گیرکردووە.
سارا عومەر لەم بەرهەمانەدا وەستایانە لە بەکارهێنانی زمانێکی ژنانەدا ئاخاوتنی پاڵەوانە ژنەکانی ناو ئەم بەرهەمانە تەماردەکات. تەمەنی سارا و لە دەرەوە ژیانی ئەو لە زەمەنێکی دوویردا، بەگری پێکنەهێناوە لە تێبینیکردنی ئەو زمانە تایبەتییەی کە ژنی کورد لە ئاخاوتنی رۆژانەیدا بەکاریدەهێنێت. زمانێک کە تێکەڵ بە دەستەواژەی ئایینی و پارانەوە و دوعا و نزای لە خۆگرتووە کە خوێنەری ئەوروپی تووشی سەرئێشەیەکی گەورەدەکات و ساراش ناچارە وەستایانە ئەم زمانە بە پاڵەوانە ژنەکانی دەبەخشێت و بە زمانێکی دیکەی ئەوروپی دایدەڕێژێتەوە.

دیمەنی ئەشکەگرتنی گەوهەر و دەستەخوشکەکانی لە هەفتەی یەکەمی لە دایکبوونی فرمێسکدا بە ئەوەی شەوە نێیبات ، خوێقاندنی کەشوهەوایەکی تەواو ژنانە بە پارستنی مندالێک لە دەست خەو و جنۆکە، لە قەڵەمی کەسێکی بەتوانا دەوشێتەوە کە چەندین ڕەمانی نووسیوەتەوە نێک وەک ئەوەی مردووشۆر یەکەم بەرهەمی ئەو بێت.
ئەم بەمانە لە دانمارک تیشکێکی لە رادەبەدەری دەچێتە سەر. بە بەوای من نەغمەی تووندی دژی ئیسلام و گەرم وگوور بوونی جەدەلی تاوانی ناموسی و ئامادەیی گوتارێکی دژی پەنابەری و تا ڕادەیەک هاسیستی دژی پەنابەران، ئەو چوارچێوەیەن کە ئەم زمینەیە سازدەکەن بە ئەوەی زیاد لە پێویست ئەم کارە لە بەر تیشکدا بێت. بەگوومان ئەمە بەمانای کەمکردنەوەی بایەخی ئەم کارە ئەدەبییە نییە کەمن لەم وتارەدا دەگەڵەمەوە سەری.

سارا عومەر لەسەرەتای ئەم کتێبەدا لە عومرانی کوێی حسێنەوە، حەدیسێکی سەحیح دەهێنێتەوە کە بووخاری بە ٤:٤٦٤تماری دەکات: پێغەمبەر دەڵێ:سەیرێکی بەهەشتم کرد، بینیم خەڵکانی هەژار زۆربەی دانیشتوانی بەهەشت پێکدەهێنن. سەیرێکی جەهەنەمم کرد، بینیم

زربەی دانیشتوانی ئەو ژن بوون." بەگوومان هەنانەوەی ئەم حەدیسە لە دەستپێکی کتێبەکەدا جێگایەکی گەورە لە بنیاتنانی سترکچەرەکانی ئەم ڕەمانەدا داگیردەکات.

لە زەر جیگای ئەم ڕەمانەدا هەستدەکرێت زەبر وزەنگی تووندی بەکارهاتووی بەرانبەر بە ژنان کە پاڵەوانە جەراوجەرەکانی ناو ڕەمان دووچاری دەبنەوە، هاوکات دەبێت بە هەنانەوەی بەشێک لەو ئایەتانەی کە بە زەقی باس لە ژێردەستەیی ژن و تانانەت لێدان لە ژن ناوەکییانە، بەیش لایەن نووسەرەوە ڕیزدەکرێن و لەگەڵ هەوداوەکاندا دەخوێنرێ ناو تێکستەکەوە. بە کورتییەکەی: دروستکردنی فەزایەک کە خوێنەر کیشبکریتە ناو قەناعەتی ئەوەی کە سەرچاوەی ئەم تووندوتیژییەی لەم دیمەنەدا دەگوزەرێ، ئیلهام لەم دەقە ئاینییەوە وەردەگرێت.

ئاگەر ئەم دیدە تووند و ڕەخنەگرانەیە لە ئیسلام وەک بووڕیەکی گەورە بە سارا تەماردەکرێت و شایەنی بەزرکردنەوەی ئەوە بە وەستانەوە لە دژی ئیسلام و بزووتنەوە جیهادیستیەکەیدا، بەڵام ئەمە لە دنیای ڕەماداین و تەوزیفکردنەکی نائەدەبی لە کارەکی ئەدەبی گەورەدا وەک لاوازییەک بە کار ئەدەبییەکە دەگەێنێتەوە. جا ئاگەر گەشنیگایەکی کوردی بە سەرنجدان لە چۆنێتی نیشاندانی پەیوەندی نەوان زەبروزونگ و ئیسلام لە بەرچاوبگیرێت بە تایبەت لە پەیوەند بە هەوداوەکانی ناو ئەم ڕەمانەوە، ئەوا لە دیمەنی کوشتنی خەندەی بچکۆلەدا کە وەک کابووسەک دیتەوە یادی فرمیسک و تیایدا خەندە بە پاسکیلەوە دەکەوێت و خوێنی لەدێت گوایە پەردەی کچێنیەکەی دراوە، باوکەک کە خەنجەرەکەی دەردەهێنێت و بە سەدای ئاهوئاکبەرەوە زمان و گوچکەی منداڵەکەی دەبڕێت، یان بەڵەقەوە چوونە سەر کەرپەیەکی هەشتا لە دایکنەبوو کە بە زەر لە سکی دایکی دەردەهێنرێت و حەشاماتەکی گەورە بە هاواری ئاڵاهوئاکبەرەوە ئەم کوشتنە ڕەوایەت پێدەدەن و لە هەندەک دیمەنی دیکەی ناو ڕەماندا کە بەرجەستەتر وتنەوەی ئایەتەکان لەلایەن پاڵەوانەوە هاوکاتە بە ئەنجامدانی کردەوەی تاوانکارانە، ئەم نموونانە دەکرێ بە ڕەخنەگرەکی ئەوروپی جێگای سەرنج نەبن و کاتێکیش دیدەکی ڕەخنەگرانەی کوردی لەبەرانبەر ئەم دیمەنانەدا ڕادەگیرێت، پرسیار دەبێتە ئەوەی: ئایا ئەم دیمەنانە کوشتنەکانی داعشمان بە وەسفدەکات یان هەوداوەکانی ناو زەمەنێک کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی ٨٦ و ٩١ سەدەی ڕابردووی شارەکی وەک سلێمانیەوە. لەڕدایە کە ڕەوایەتبەخشین بە زەبروزەنگی بەکارهاتووی

کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان لەو نموونانەدا بە خواستی ئایدیۆلۆژی نووسەر دەچیتە پێش و زمانێک هەڵدەبژێردرێت بە وەسفکردنی زۆبروزەنگ کە لە بیست ساڵی دوای ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە دەکرێ ئەمە گوێبیستی بین لە کوردستاندا. یان بە زمانێکی ڕۆشنتر، ئاگڕ هەمان کوشتنی ناو ئەو دیمەنانە بە بە وتنەوەی سەدای ئاهوئاکبەر ئەنجامبدرایە، کەس نەیدەتوانی هایلایتک پەیدابکات بە ئەوەی پەیوەندی نەوان بکوژان و ئیسلام بیەکەوە گڕبدات. کاریگەرییەکانی ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوەکانییان لەسەر زمانی کەمەلگای کوردی لە دوای جەنگی ناوخۆوە هەستیپێدەکرێت و لە ئێستایشدا ئەم زمانە ئایینییە لە ئاخاوتنی کەمەلگای کوردستاندا بە زۆقی لە زمانی ڕۆژانەدا دەبیسترێت.

لە ڕاستیدا و لە ژێر دەسەڵاتی بەعسدا، ئەمە خاوەنی لیستێکی درێژ لە کردەی ژنکوژی نین لە کەمەلگای کوردستاندا. بەگوومان ئەمە بە مانای نەهێکردن نییە لە کولتووری شەرەفی کوردی، بەڵکو بەڵەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە سادەیەی کە چوارچێوەیەکی یاسایی و لەپرسینەوە لە کەسانێک کە تاوانیان ئەنجامداوە ئامادەیی هەبوو. سیستەمێک کە لەگەڵ کەوتنی پەیکەرەکانی سەددامدا هاتە دەکات و بە ئێستاشەوە کوردستان لە غیابی سیستەمێکی قەزائیدا کە بە حزبی کراوە، باجێکی گەورەی داوە.
ئەمە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ وە ڕووبەڕووی دیاردەیەکی نەخشەبداڕژدراوداین لە بەرانبەر کوشتنی ژنانەدا کە یەکەمین فیشەکەکانی لە چەکەکانی بزووتنەوە ناسیونالیستەکانی کوردستانەوە دەتەقێنرێت نێک لە لایەن هێزە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە.
ئەوە پرسیارێ لیستی " لە قائیمەکەدا بوون"ی ژنکوژیە کە لە ٩٢ بە دواوە دەستپێدەکات و دەرگا لە سەر کەنەپەرێستی کەمەلگا دەکاتەوە و لەنەپرسینەوە لە کەس دەبێتە دەستپێکی مەدەی ژنکوژی لە شارەکی وەک سلەمانیدا.

هەڵبژاردنی زمانێکی ئایینی بە ژنکوژی وەک ئەوەی سارا لە دەخی کوشتنی هەندەک لە پاڕەوانەکانی "مردووشۆر"دا بەکاریدەهێنێت، تەنها ڕاگەیکی ئایدئۆلۆژی لە پشتیوانی کاردەکات و لە کوردستانی هەشتاکاندا بە تەواوەتی ووون. بەکارهێنانی ئەم زمانە بە بەشێک لە دیمەنەکانی ژنکوژی لە مردووشۆردا و هەندێک ئاماژەی دیکە کە لە جێگایەکی دیکەی ئەم ڕۆمانەدا دەگۆڕەموە سەری، گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

کەسێک ئەم ڕۆمانە دەخوێنێتەوە دەکرێ بپرسێت: بۆچی ئەمە ژیانی

ژردەسەلاتی تالەبانی کوردیە و بەچی ئەمە هەستمان پێنەکردووە و هیچ شتێکمان دەربارەی نەزانیوە؟ لە کاتێکدا سەدای ئەلاهوئەکبەر بیستراوەت و نەبیستراوەت کولتوری شەڕفی کوردی بە تەواوی بەها و تەروانینەکانییەوە لە کەلگای ئەمەدا ئامادەیی هەبووە بە ئاوەی جگاو ریگای ئاین لە پلەیەکی بالادا بێت وەک ئەمڕۆی کوردستان، یان لە دەخێکی تراديسیۆنی خێیدا بێت وەک پێنجا و شستەکانی سەدەی ڕابردوو. ئاوەی کە بەچی سیمای کەلگایەکی مەزهەبی بە قەناغێکی دیاریکراوی کەلگای کوردستان و شارێکی وەک سلەمانی دەدرێت، ئاو پرسیارێیە کە ئینسان دەکرێ بە شوێنیەوە بێت بە ئاوەی ئەم ڕووبەرە بەرفراوانەی بچێتە خانەی پاککردنەوەی ئایین و ئالی ئاو لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی کولتوری شەڕفدا.

خوێندنەوەی "مردووشەر" وەک سەفەرکردنێ بە ناو تووننێلێکی هەتا بڵێی تاریکدا. ناوە ناوە لەم تاریکاییەدا تروسکایەکت نیشاندەدرێت، نەک بۆ ئاوەی بەرپڕێ خێت بەبینیت، بەڵکو بۆ ئاوەی خنکاندنی منداڵێک بینی کە سەرین دەخرێتە سەردەمی بۆ نیازی خنکاندنی، یان بەڵەقەوە دەچنێ سەر جەستەی کەرپەیەکی لە سکی دایکدا دەرهێنراو، یان دایکێک کەرپەی بە باوەشەوەیە و بەر فیشەک دەدرێت. زەبرو زەنگ و وەسفکردنی لەم ڕەمانەدا هێندێ ڕووت و بڕەردەیە کە خوێنەر ناچارێ ناوە ناوە ئەم کتێبە دابخات و مەسافەیەک بگرێت وئاهەنگی بەبەردا بێتەوە و بە هیوای ئاوە بێت کە لە دیمەنەکانی دیکەدا ئەم کچ و ژنە هەژارانەی مەملەکەتی زاموای سارا عومەر بگۆنە ئاو سەری تونێلەکە و ڕوناکی ببینن.

سارا عومەر لە لاپەڕەی یەکەمی مردووشەردا دەنووسێ: پێشکێشێ بە فرمێسک، ئاو کچەی لە سایانەکی ئێجگار سەختدا، لە دەی منداڵی زیندانی بوو". ئەم پێشکێشکردنێ و نووسینی مردوو شەڕ، تەڕەی سارا عومەرێ لەم ڕژەمی جەندەرەی کە مردووشەر دەکاتە زیندانێکی ئەدەبی بە فرمێسکێک کە ئاگەر هەموو ڕەژەشیەکانی ناو ڕەمانیشی نەبینی بێ، ژنان و کچانی دیکەی کوردستان بینیویانە. بەیە سارا عومەر چاو لە هیچ شتێک ناپۆشێت و بەشکی ئێجگار گەورەی ئاو سونەت و تراديسیۆنە مردووانەیشی کە لەمڕۆ لە کوردستاندا نەماون، یان جیگایەکی ئاوتەیان لە ژیانی ڕۆژانەی ژیانی ئینسانەکاندا نییە، لە کونجێکی چیرۆکە وردیلەکانی ناو ڕەماندا ناودەهێنێت و شوێنیان بە دەکاتەوە. گەورە بە بچووک، سێ بەیەک یان دانی سێ کیژلەی مندال بە کچێک بە باوکێک کە ژنی دووەم دەهێنێتەوە، کێشکەورگرتن لە دەستەواژەی قوزکەمتیار لە شەوەی هەڵواسینی پارچەگۆشتێک بە

کۆمەڵی کچێکەوە تا بەختی بکرێتەوە و شوو بکات، پێشنیارکردنی میزی حوشترخواردنەوە بە چارەسەری نەخۆشی، ئەم ئاماژە کولتووریانە و زمانەکی ئایینی کە لە سەدای ئەللاهوئەکبەری تاوانکارانەدا دەنگدەداتەوە ، پرسیاری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە لەم کۆمەڵگایەدا جگە لە خورافە و ژنکوژان دەکرێ خەبەر لە شتێکی دیکە هەبێت.
بگوومان هەموو ئەمانە ڕیزدەکرێن تا بە خوێنەر بسەلمێنرێت کە لەم زێنگاوەی ناوی زاموایە، ئەنوەر وفایەق وبەهرە و ڕەشیدی زیاتری تیا سەوزنابێت. ئەگەرچی لە واقیعدا دەستەواژەی قوزکەمتیار و میزی حوشترخواردنەوە، هێندەی تەنزێکی زمانەوانی خۆش کەمتر تراديسیۆن و کولتورێکە کە خەڵک بەوای پێیەتی.

خالید حوسەینی لە "هەزاران خۆری دڕوشاوەدا" مریەم دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی خیزانییەوە کە شەق و شەق نێک نان، سەرتاپای ژیانی مریەم داگیردەکات. بەڵام خوێنەر خەرا درک بەوە دەکات کە ئەگەر مریەم هەنگاوێک نانێت بە دەربازبوون لە تاڵیبانی مەردی ناو ماڵ، هەکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە دەرەوەی سنووورکانی ماڵ، سیستەمێکی دیکەی کۆمەڵایەتی تاڵیبان لە دەرەوە چاوەدێرکات کە ژنی لە هووبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا سەیووتەوە. بەیە خوێنەر ئاسان مانەوەی مریەمی لە ناو دیوارکانی ماڵدا پێ قبووڵە.
لە مردووشەردا، تاکە کەسێک کە ژن ناکوژێت و دەکرێ وەک ئاماژەی زیندووی ئەم کۆمەڵگایە سەرنجی بدرێتە، دەروەشی مەردی گوهەر و گوهەر خەیەتی. بەڵام ئەوانیش توانای پاراستنی نێک هەر فرمێسک، بەڵکو کیژەڵەکەی خەیشیان نییە کە ئەنوەر هەموو ساتێک بەبەرچاوی دایک و باوکیشییەوە تیرەری نەفسی دەکات،
"مردوشەر" مەملەکەتی ئەو دەزخەیە کە پێغەمبەری ئیسلام پێیوایە هاولاتییەکانی هەموو ژنن ئەگەر چیش هەموویان سەر بە چینێ نەدار و هەژارەکەی کۆمەڵگان. ئیتر خەبەرێک لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یەکسانی، مەدیرنیتێ، کاردانەوە خەسکەکانی کۆمەڵگا لە بەرانبەر ژنکوژیدا، لە هیچ شوێنکی ڕەمانکەدا هەست پێناکرێت. زاموای ناو ڕەمانی مردووشەر، هێندەی لە دە دەچێت، کەمتر سیمای شاری پڕ دیارێ.

مردووشەی سارا عومەر ئەگەر بە دروستکردنی کەش و هەوایەکی تا بەڕی دواکەوتووانە و کەشانی پەردەیەکی ئایینی فەرزکراو لە هەندێک جێگای ڕەمان و لە دەوری ڕووداو و کارەکتەرکانی دروستنەکرایە ، زەریەک لە ناوەڕۆکی بەربەڵاوبوونی کولتووری شەرف و دەرئەنجامکانی لەسەر فرمێسک و تەنانێت پالەوانکانی دیکەی ناو

ەمانی نەدۆزرایەوە. بە خۆنەرەکی ئەوروپی زاموا دەهاتەکە و کولتوری شارەف تیایدا بەهای خورافە و ئایین و دواکەوتوویی ئەم شوێنە جوگرافیایەوە لە بڕەوی خۆیدایە. لە کاتێکدا پاڵەوانەکانی مەردووشەر کچانی زانکۆی زامواش بوونایە و بە مینی جۆبی حەفتاکانەوە بسووڵانایەتەوە، پانتایەکانی کولتوری شارەف بچووکتر نەدەبوو لەوەی کە هەیە و ئۆگەر لە یەکەمین شەوی چوونە پەردەیانەوە پەڕەکە سوورنەچوایەتەوە، چارەنووسەکی باشتریان لە چارەنووسی پاڵەوانەکانی ناو مردووشەر بە نسیب نەدەبوو. بەڵام چی وادەکات کە نووسەر شار دەکاتە گوند و نەغمەیەکی بەهەزی ئایینی دەکاتە یەکێک لە هەکارە سەرەکییەکانی ئەم ژنکوژییە بە قەناغێکی تایبەتی کەمەلگای کوردستان کە تیایدا نەغمەی ئایین و دەسەلاتەکەتی بەتەواوەتی ونە.

من لە دەوە هیوادارم کە خۆنەرەکی ئەوروپی پەیوابەت کە پرسیارەکانی یەکسانی، جەنگی بزووتنەوە کەمەلایەتییەکان، پڕۆژەی ڕشنگەری، عەدالەتی کەمەلایەتی و ئینساندۆستی پشتر لە زاموای سارا عومەردا تەرەکرابن و لەسەر تاتشەرەکەی گوهەردا شەردراون و کفن و دفن کراون و لە کونجێکی شاردا و لە گەرستانێکی بەناودا بە خاک سپەردراون.

ڕەنگە تەفسیرێکی واهی لە زاموای ناو مردووشەردا لە غیابی هەموو جومگەیەکی ئینساندۆستی و ژیاندۆستی لەم ڕەمانەدا، وەلامێکی دروستتر بێت. لە تەفسیرێکی واهیدا ڕەشبەای سەلەمانی کە ئامادەییەکی گەورەی ناو لاپەرەکانی "مردوشەر" داگیردەکات، زیاتر وەک قیژەو هاواری ژنەکانی سەلەمانی دێتە بەرگوێ، بەرلەوەی بە گەیژدا هەگبەتەوە و ئەم پەیامە بە شوێنەکانی دی بگەنێ.
من کە لە ڕەگای دەرەکانی ئەم ڕەمانەوە و لەسەر لاپەرەی ئەم کتێبەدا خەم دەکەم بە کووچە و کەلانەکانی زامواداً، لە زەر کووچە وکەلانی ئەم شارەی ناو ڕەماندا وندەبم، لە زەر شوێندا خەم و شار ناناسمەوە.
بەڵام خەرا ئەوەشم دێتەوە یاد، کە زاموای ناو مردووشەر دەستکردی سارا عومەرە کە دەکرێ ئەم شارەی وا بینیبێ. من ناتوانم ئەم بینینە لەو زەوت بکەم. بەڵام لەگەڵ ئەم تێبینیانەیشدا، من دڵنیام ئەوەی کە ئەم کتێبە توانای دروستکردنی جەدەلی هەیە و پرسی ژنکوژی بە هەی شەرەفەوە دەخاتە ئاستێکی تر و چۆن گودیلە سپیەکەی ناوچەوانی فرەمسک تەفسیری جەراوجەری لێدەکرێت، ئەوا مردووشەریش خوێنەر بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەشدەکات.

نووسینی بەکر ئەحمەد
١٨ی تەموزی ٢٠١٨

زنجیرەیەك گوتار لە بارەی ناسنامە (9-10) ... پرسی ناسنامە ... عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

وشەی ناسنامە وشەیەکی ئاوەتەیە، لە مانای زمانەوانیدا بە نامەی ناسینەوە دێت، کەسی ناسراو جیاوازی خۆی لە ڕەگای ئەو نامەیە لەگەڵ ئەویدیکە دەنوێنێ، نامەی ناسین دەکەوێتە ژێر بەهای نەتەوەیی و بیر و ئایین و ڕەگەز و دابونەریت و کلتور و ویست و فۆرمی ڕەفتارکردنی تاك و ...
چەمکی ناسنامە گوزارشت لەو حەقیقەتە هاوبەش و هاوگونجاو و بەیەکچووە دەکات، کە کەسێك، کۆمەڵك، نەتەوەیەك، هەرەمێك، کیشوەرێك... لە ئەویدیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەش مەرج نییە پەیوەندی بە بەهای چەسپاو یان پیرۆزەوە هەبێت، ئەگەرچی ناتوانین ئەو بەها جێگیر و پیرۆزانە ڕەتبکەینەوە، بەڵام مەرج نییە وەك کرێك و ڕۆحی ناسنامە چاو لێبکرێن! مەبەستم ئەوەیە کە ناسنامە لە هاوژیانی لەگەڵ ئەوانیدیکەدا بەردەوام لە حاڵەتی تازەکردنەوە و گۆڕانکاری و کارلێکردندایە... دەمێکە (جۆن لوك) هەموو تێگەیشتنێکی تێکراتی لە سەر ناسنامە خستەتە لاوە! لە کێی ئەو قسانەدا دەمەوێ بڵێم مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانییە و کۆمەڵك توانای لە بنەماتووی تێدایە، توانای دەستنیشانکردنی ناسنامەی تایبەتی و خودی هەیە، کە دەتوانێت تەواو لە ویست و دەسەڵاتی مێژوویی و ستەمی دابونەریتەکان ئازاد بێت، وەك چۆن توانای دەستنیشانکردنی ناسنامەی بابەتی و کۆمەڵایەتی هەیە. لێرەدا مرۆڤ تەوەرەی سەرەکی هەموو شتەکانە، لە بەر ئەوەی مرۆڤ تەوەرەی سەرەکییە، بۆیە هەرگیز ناتوانین بە هیچ شێوەیەك ڕەهەندە جیاوازەکان لە ناسنامە بکەینەوە، کەواتە ناسنامە چەسپاو نییە!

(عەدنان مەجید محەمەد) ماستەر لە زانستە سیاسییەکان و پسپۆرە لە سیستمی سیاسی پەروەردەی مەدەنی، لە گوتاری (ئەرگیومێنتی ناسنامە لە نێوان گۆراو و نەگۆراو)دا قسە لە دوو فۆرم لە ناسنامە دەکات، یەکەم: ناسنامەی خودی، کە تایبەتە بە هزر و کلتور و ئینتمای تاك بۆ بازنەیەکی دیاریکراوی کلتوری و مێژوویی. دووەم: ناسنامەی تاك وەك هاووڵاتی، یان وەك بوونەوەرێکی سیاسی، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا دەژیت و لە چوارچێوەی دامەزراو و یاسا جێگیرەکانی کۆمەڵگادا پراکتیزەی کارەکانی خۆی دەکات و ماف و ئەرك و بەرپرسیاری تاك دیاری کراوە و چارەنووسی ژیانی تاك تێیدا بە شێوەیەکی تایبەت پارێزراوە.

ئەو دوو ناسنامەیەی تاك، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ یەك دژ ناکەونەوە، بەڵکو تەواوکەری یەکترین و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی وەك ئامانج دەبینن، بە تایبەت لە سیستمی دیموکراسیدا، کە بازنەی ئازادی و تاکگەرایی فرەوانە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ تێیدا بانگەشەی پێکەوە ژیان و فرە کلتوری و ئایینی و مێژوویی دەکرێت، بە دیوەکەی دیکە تاك گوزارشت لە تایبەتمەندییەکان و بیر و بۆچوون و ناسنامە و کلتوری دیاریکراوی خۆی دەکات،
بەڵام لە سیستمی تۆتالیتاریدا هەمیشە جەخت لە سەر لایەنە چەسپاوەکانی ناسنامە دەکرێتەوە و توانای گۆڕانکاری لە ناسنامەدا ئەستەمە، لە سیستمی دیموکراسیدا هەمیشە جەخت لە سەر توانای خۆگونجان و رەهەندە جیاوازەکانی ناسنامە دەکرێتەوە، سیستمی دیموکراسی بە زیندووێتی کۆمەڵگا و تازەکردنەوە و گەشەکردنی رۆحی هاووڵاتیبوون لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام سیستمی تۆتالیتاری ئازادی و رۆحی هاووڵاتیبوون دەکوژێ.

هەندێك پێیانوایە پچڕانی پەیوەندی یاسایی و سیاسی نێوان کەس و دەوڵەت وێنەیەك لە وێنەکانی مردنی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات، بە دیوەکەی دیکەش دەوڵەت ئەگەر نەتوانێ پێناسەیەکی مۆدێرن بە هاووڵاتیانی ببەخشێ، هەرگیز وەك سیستمێکی دیموکراسی دانی پێدانانرێت. جگە لە مافی مرۆڤ، حەزی تاك، ئەوە ستەمی دەوڵەتە تۆتالیتاریەکانە کۆچ و کۆچکردنیان تا ئەو ئاستە بەرزکردۆتەوە، ئەوە لە دەوڵەتە تۆتالیتاریەکانە فۆرمی رەفتارکردنی تاك و ئازادی تاك و رۆحی هاووڵاتیبوون بێ بایەخ دەکرێ!
ئەوەی لە مەسەلەی ناسنامەدا پێویستە لە بەر چاوی بگرین، ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك کۆمەڵێك ناسنامەی هەیە، هەر لە ناوەوە دەست پێدەکات هەتا بە بیرکردنەوە دەگات، بەرژەوەندی تایبەت و هەستەکان

و پەیوەندی جەراوجەر و کار و رەگەز و… هەموو ئەو ناسنامانەش بە پێی گۆڕانی بارودۆخ و بەرەوپێشچوون … گۆڕانکارییان بەسەردا دێت! بەڵام (ئەمین مەعلوف) لە کتێبی (ناسنامە بکوژەکان)دا پێیوایە دەشێ هەموو ئەوانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، بە رەگەزەکانی ناسنامەیان دابنێین و لە تاکە ناسنامەیەکدا کۆیان بکەینەوە.

هەمیشە ناسنامە پێویستە شانازی بە خۆگونجان و جیاوازی و ڕەحی هاووەتیبوون و تازەکردنەوە و بەها مرۆییەکانی بکات! بەڵام (سامۆیێل هنتگتۆن) لە بارەی خەرهەڵات و خەرئاواوە پێیوایە خەرئاوا هەر لە دەر زەمانەوە و هەتا ئێستاش تاکە نوێنەری بەهاکانی لێکبوردن بووە، سەرەڕای ئەوەی خاوەنی بیرکەی دیموکراسییەتە… من ئەو نموونەیەم بۆ بەرچاو ڕوونی هێناوەتەوە، ئەگینا ئەو بیرۆایانەی هنتگتۆن کۆمەڵێك ڕەخنە و بە دواداچوونی جیاوازی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەو سۆنگەیەوە کە پشتکردنە لە کەلەپووری جیهانی و تاکی داهێنەر… هەموو ئەو لێکۆڵینەوە سوسیۆلۆجیایانە ئەوە دەسەلمێنن، کە هەر گەل و کۆمەڵە یان نەتەوەیەك ڕەهەندی جیاوازی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و زیان و داهێنانی تایبەتی خۆی هەیە، پێشکەوتنی دنیا بەرهەمی کۆی داهێنانە مرۆییەکانە و کۆی کۆمەڵگا جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی تێیدا بەشدارن، ناتوانین هەموو پێشکەوتنەکان بە شارستانی خەرئاوایی پەیوەست بکەین، هەموو دواکەوتنەکان بە کۆمەڵگای خەرهەڵاتییەوە ببەستینەوە…

ناسنامە بەردەوام لە گۆڕاندایە، بە دیوەکەی دیکەش پێویستە لە هەوڵی پێکهێنانی بەردەوامی ناسنامە دابین، چونکە گوزارشتکردنی مرۆڤە لە بوون و هەوێست و پێشکەوتنە یەك بەدوا یەکەکانی و بەپێی فاکتە ناوەکی و دەرەکییەکانی دەگۆڕێت، بەردەوام تاك و کۆ دەرك بە بایەخی ناسنامە دەکەن و توانای دیاری کردنیان هەیە و دەتوانن لەگەڵ پێداوە ژیاری و بەخششەکانی تازەی سەردەم بیگونجێنن، بەڵام پشتگوێخستنی ناسنامە، یان توانەوە لە ناسنامەی ئەویدیکە بە قەد جێگیربوونی ناسنامە ترسناکە، ئەگەر یەکەمیان دنیا بە شێوە حەقیقییەکەی ڕەتبکاتەوە، گۆڕانکاری و جیاوازییەکان پشتگوێ بخات، ئەوە دووەمیان هەموو پێشکەوتنێك لە سەر ئاستی ماددی و کۆمەڵایەتی بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەزانێت، بە کورتی ناسنامەی جێگیر هەر تەنها ملکەچکردن نییە بۆ بارودۆخی جەراوجۆری ئەویدیکە، بەکو پشتگوێخستنیش دەگەیەنێت.

لێرەوە ئەگەر قسە لە ناسنامەی کوردی بکەین، هیچ پرۆژەیەك بۆ

گەشەکردن و پەرەپێدانی نابینین، ئەوەش پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت لە لێواری مردن نزیك دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە ناسنامەی کوردی چ وەك چەسپاو چ وەك گۆڕاو، چ وەك ناسنامەی خودی، چ وەك تاکی هاووڵاتی، رووبەر و دیار نییە، بەڵکو لە نێوان پارچەکانی باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوادا کۆمەڵێك گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە و هیچ ڕێکەوتنێکی جەوهەری لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا بوونی نییە، وەك چۆن هیچ یەکێتییەکی نیشتمانی پیرۆز و چەسپاو بوونی نییە، کەواتە ناسنامەی کوردی گوزارشت لە واقیعی هەنووکەیی پارچە پارچە بوونی کوردی دەکات، لەگەڵ پێدراوە کلتوری و سیاسی و یاساییەکانی هەر پارچەیەك دێتەوە، بەو مانایەش ناسنامەی کوردی پارچە پارچەیە و رەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی پارچە جیاوازەکانە! ناسنامەی تاکی کوردی لە پارچەی رۆژهەڵات زۆر جیاوازە لە ناسنامەی تاکی کوردی لە باکور یان رۆژئاوا، ناسنامەی تاکی کوردی لە باشور لە چەند رووییەکەوە جیاوازە لە ناسنامەی تاکی کوردی لە پارچەکانی دیکە…

پرسیار ئەوە نییە ئێمە لە کوێین؟ لە کوێ هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟ چونکە دەتوانین لە رێگای خۆناسین و مەعریفەوە، لە رێگای تێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە، لە رێگای بیرکردنەوەی جیاوازەوە کار بکەین و ئەویدیکە بدۆزینەوە! پرسیاری سەرەکی لە نامەی ناسینی کوردی ئەوەیە، ئایا کورد خاوەنی چ ناسنامەیەکە؟ ناسنامەی تاکی کوردی دیارە؟ ئایا کورد چ شتێك بە هەڵەشە بۆ سەر ناسنامە دەزانێت؟ ئایا چ بەهایەك ناسنامەی تاکی کوردی بە تاکێکی دیکە دەبەستێتەوە؟

هەولێر/ 19/7/2018

(وەرگێڕانی ناشارەزا، وەرگێڕانی سەقەت) _ مانی دەرگای تەباشیربەنموونە_ … سەدیق

سەعیدەوا ندزی

لەم ساڵانەی دواییدا، بزاوتێکی گەورە لەوەرگێڕان لەناوەندی ئەدەبی کوردیدا دەرکەوتووە. کەتیایدا دەیان بەرهەمی نووسەرانی دنیا بەزمانە جیاوازەکان وەرگێڕدراونەتە سەرزمانی کوردی. ئەوبزاوتەبە پێی پاشخانی جیاوازی وەرگێڕوئاستی زانین و شارەزاییان لەزمان دەگۆڕت. واتەئەزموونەکان جیاوازن. دیارەئەمەش بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی تایبەت بەوەرگێڕانە کەتیایدا ستافێکی شارەزا، بەیارلە سەرجەروناوەڕۆکی ئەوبەرهەمانەبدات کەوەردەگێڕدرێن. بۆیە دەبینین هاوشێوەی زۆرکایەی تر،وەرگێڕانیش لەناوئەمەداچەندین کەموکورتی هەیە.چونکە هەردەزگاو هەروەرگێڕێك پەیڕەولەجۆرێك نووسین و چاپنووس دەکات کەخۆی دەیەوێت. نەك بنەمایەکی داڕژراوی زانستییانە و زمانەوانی هەبێت. هەبەتە وەرگێڕان هونەرە.لەوهونەرەشدا پێشمەرجی یەکەم شارەزایی و قوڵبوونەوەیە لەهەردوو زمان.تائاستی هاوتاکردن و بەراوردکاریانەی زمان.ب
ەگەڵ لە شارەزایی گرنگتر، زاڵبوونی وەرگێڕە بەسەرهەردووزمانداله‌ووی واتاسازی و چەمك و دەربڕینەکان. بۆئەوەی ناوەڕۆکی دەق وەك ئەوەی کەهەیە بگەینرێتە خوێنەر. بۆگومان مەرج نییە لەهەردووزماندا، هاوواتاو مانای دروستی وشەیەك وەك یەك بوونیان هەبێت. بەڵام مەرجە مانای ئەو چەمکە هێندە لەزمانی بۆ وەرگێڕدراو نزیکبکرێتەوە، تاڕادەی گەیاندنی مانای تەواو.لەوەرگێڕاندا هەرگیز دەقێك وەکوخۆی بەهەمان وێنەو بونیادی زمانەوانی، بەهەمان ئاماژەو واتا،لەزمانێکی دیکەدا بەرجەستەناکرێت. بەڵکو ناوەڕۆك، پەیام و ئاماژەکان دەگەینرێن.کەچی لەهەندێك کاتدا، وەرگێڕەکانی ئێمە، وەرگێڕانی وشەیی یاخود ڕستەیی دەکەن. بەبێ گونجاندن و هاوشێوەکردنیان لەگەڵ زمانی کوردی.

بەمەش دەکەونە هەڵەی سەیرەوە کەخۆشیان درکی پێ ناکەن. چونکە هەموو زمانێك، بونیادێکی تایبەتی زمانەوانی تایبەت بەخۆی هەیە. کەلەکاتی وەرگێڕاندا، گۆڕانکاری لەوبونیادییە زمانییە دڕتەئاراوە.بۆیە دەبێ وەرگێڕهێندە شارەزاو بەئاگا بێت نەکەوێتە هەڵەی لەو شێوەوە. هەبەتە، هەڵەیەکی گەورەیە کەسانێك پێیان وابێت وەرگێڕان، زمان زانینە بەتەنیا. یاخودهەرکەسێك زمانێکی زانی، ئیدی ئاساییە کتێب وەربگێڕێت.لەڕاستیدا وەرگێڕان هونەری

قۆبوونەوەو شارەزایی و ئاگایەکی بۆ سنوورە لەهەردوو زماندا. زۆبوونە بەسەر وشەو ڕستەو دەربڕینە زمانەوانییەکان. ئاگابوونە لەهاوواتایی وجیاکاری بونیادی زمانەوانی دووزمان لەئاستی مۆرفۆلۆژی وسینتاکسدا. بۆ ئەوەی لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبیدا، ناوەڕۆك و ماناکانی دەق بە زمانی بۆ وەرگێردراو بگەنە خوێنەر.

وەلێ بەداخەوە بەشێك لەوەرگێڕەکانی ئێمەشارەزاییەکی ئەوتۆیان لەوهونەرە نییە، هەر تەنها وەك ئارەزووێکی خۆیان ئەو کارەدەکەن بەبێ ئەوەی بە پیشە وەرگێڕبن. واتە هەمووکارەکانشنبیرییەکانی خۆی تەنهالەوەرگێڕانی کتێبدا ببینێتەوە. چونکە وەرگێڕان سەلیقەو پشوودرێژی دەوێت. بۆیە دەبینین بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەو وەرگێڕە کوردانەی وەرگێڕانەکانیان لای خوێنەر بەهاو چێژی ئەدەبی هەیە.چونکە ئەگەرزمان زانین پێوەر بێت بۆ وەرگێڕان، ئەوا بەهەزاران کەس عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و ئێمانی دەزانن. بەڵام چەندیان وەرگێڕن؟ئەمانی دەرگای تەباشیر، نموونەیەکە لەونموونە زۆرانەی وەرگێڕان کەچەندین هەڵەوکەموکورتییان تێدایە. بەبۆای من وەرگێڕی ئەمانەکە هێندەی مەبەستی بووە ئەوئەمانە وەربگێڕێت، هێندە بەلایەوە گرنگ نەبووە ئاخۆ وەرگێڕانەکەی لەچ ئاستێکدایە. ئەم ئەمانە جارێك لەپەلەی پێوەدیارە. هەروەك خۆشی لەپێشەکی ئاماژەی پێکردووە کەبەهەشت مانگ ئەو ئەمانەی وەرگێڕاوە. لەکاتێکدا، وەرگێڕانی ئەو ئەمانە هەنگە پێژەیەك بێت چەند ساڵێك بخایەنێت.بەدەگمەن هاپەیەکی ئەوئەمانە هەیە، هەڵەیەکی تێدا نەبێت. چ لەڕووی چاپ، چ لەڕووی زمان. بەڵادەیەك خوێنەر بەر چەندەها هەڵەدەکەوێت. ئەوهەڵانەش بەشێکیان هەڵەی چاپ و ئینووسن. بەشێکیان پەیوەندی بەشێوەی وەرگێڕانەکەوە هەیە، کە پێدەچێ وەرگێڕ وشەبەوشەی وەرگێڕابێت. بۆیە هەست بەلەنگی وناهونەرییەکی زۆر دەکەین لەئاستی دەربڕینەکاندا. لێرەدا بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەر ئەو هەڵانە دیاری دەکەین.

یەکەم:_ هەڵەی دەربڕین و زمان:_

بۆگومان زمان بەگشتی و زمانی کوردیش بەتایبەتی، بونیادێکی زمانەوانی تایبەت بەخۆیان هەیە، کە تیایدا بکەرو فرمان و ئاوەڵناوو پێشگرو چەندین نیشانەی زمانەوانی تر، بەگشتی بەسەریەکەوە مانا دەگەیەنن. هەرجارە لادانێك لەوبونیادە زمانەوانییە، دەبێتە هۆی تێکدانی ماناکانی ڕستە. کەچی وەرگێڕی ئەوئەمانە، ئەمەی ڕەچاو نەکردووە. بۆیە چەندین دەربڕینی

نا□□زمانی دەبینین. وەك ئەمانەی خوارەوە:_
*(منی فریشتە ئاسا هەرگیز باس لەو ئاژە□ە نووستووەی ناخی ناکات_□ا22).
*(لەسەر جۆلانیەکە لەیلام پا□ادەنا_□ا21).
*(کارپ□کەری یارەیەکە_□ا23).
*(وەك م□تەکەیەکی قو□س بەبیریدا ت□دەپە□ دەبڕ□ت_□ا26).
*(هەندێك لایەن سکا□یان لەئ□ستگە ت□مارکرد_□ا30) ئایا سکا□ا لە ئ□ستگە ت□مار دەکر□ت؟.
*(کەوتە هە□دانەوەی □اپە□ەی ت□نووسەکە بچووکەکە_□ا43).
*(لەژ□رکاریگەری توندوتیژی هەستی بەونبوونی قیبلەنامەو گەرە□اوژ□ دەستی بەخو□ندنەوە کرد_□ا51).
*(بەبێ ئاگا هاواری دەرکرد-□ا51). لە□□مانەکەدا مەبەست هاوار کردنە.کەچی دەبینین چ□ن تەنها بە م□رفیم□کی سادە، تەواوی مانای □ستەکە گ□□اوە. لەخ□وە نییە دە□□ن: وەرگ□□ خائینە.
*(ماوەی زیانزە سا□ە_□ا51).
*(لەبەرئەوەی لەناسك و قرچ□ك بوو بەچرکەساتە شیعریەکان-□ا60). خو□نەری بە□□ز، هیچ چ□ژو جوانییەك لەودەرب□ینە دایە؟.
*(بەتامایە کاری خوودکوژی بکات_□ا62).
*(تژیە لەنەخ□شی پیری_□ا66).
*(دەچووە نماشی شان□گەری_□ا72).
*(ئەمەخ□شحا□ی دەکات لەبەرقو□سی ئامادەبوونی ل□رە_□ا74).
*(ئەم پرسیارەی ل□ دەرپە□ی_75). پرسیار دەردەپە□ی، یان دەکر□ت؟
*(هەموو ب□چوونە □□مانسییەکان لەبەهای □ەوتی تایبەتی وب□چوونە نەبوونیەکانەوە_□ا83).
*(دەرکەوت ب□یاری ئازادی ع□□اق لەک□نگریسی ئەمریکی ب□ گر□گ□□ە، ئاسمان بەچاودێری تاوی سەندووە._□ا85).
*(ئازادی گشتی ب□ زیندانییەکان دەرکردووە_□ا85).مەبەست ل□رە ل□بووردنی گشتییە. بە□ام ئایا ئازادی گشتی و ل□بووردنی گشتی هەمان واتایان هەیە؟.
*(سا□ی 2010سەدام دەستبەرداری دەسە□ات بوو-□ا90).
*(لەو□نەیان زرکەم بوو لەد□خکی نو دەو□ەتی لەو ش□وەیەدا_□ا92).
*(شوویان بە کوو□ی خ□لە گەورەکان کردووە_□ا94).وەرگ□□ی □□مانەکە وادەزان□(کو□)و(کوو□)هاوش□وەو هاومانای یەکترین.کوو□ بەمانای قەزەم دە□ت. بە□ام کو□ بەمانای کو□د□ت.

*(هاو□ایەتیانی شار_□ا95).

*(هیچ بنەمایەکی ڕاگەیاندنی نییەجگە لەزمانی فەوجی پاراستنی میلیشیای بەهێزلەکەسانی هێزەکەی و ئامێزاکانی پێکدێن_ل100).
مەگەروەرگێڕی ئەمانەکە بزانێت مەبەست لەناوەڕۆکی ئەوستەیە چییە؟.
*(روخساری لەنێوتۆزوخۆڵدا جووتێك چاوی گەورە شەبەقی داوە_ل123).
*(گوێنەدان بەڕکخستنی گرنگ لەتەندروستی_ل138).
*(لەعلی وریاتر لەجوڵەی شەقامەوە دەتوانێت بەئاسانی مەلەی تێدا بکات_ل143).
*(خراپەکاری زاوزێ دەکات_ل144).
*(خاوەنی ئستگەکە تێی بەمەن ڕایسپاردبوو_ل166).
*(عەلی لەنووسینگەکەی دادەنیشت بوو_ل179).
*لەیلا بەنهێنی دەزگیرانی بەعەبدولعەزیم بوو_ل183).
*(تەنها هەنگاوێك بۆسەرقەنەفەی هۆڵەکە ئەم زەخیرەیە بەشی دوو هەفتەدەکات_ل273). کێ دەزانێ وەرگێڕ مەبەستی چییە؟.
*(رافد بووبەدەسەڵات-ل234).
*(لەناوبەفرگرەکەی خواردنەوەی دەرکرد_ل307).
*(بەیانی زووبیری پەیمانی لەیلای بیرهاتەوە_ل313).
*(یەکێك لەمندااڵەکانی تای لێ نیشتبوو_ل316). ئایا منداڵا تای دەیگرێت، یا دەنیشێت؟.
*(دانیشتنی سێینەوەی خودی یاخی کە ئەوبەڕۆوەی دەبرد_ل317).
*(ڕۆژێك جلکی ڕێك و پێکەم لەبەرکردبێت_ل324). سەیری داشتنی ئەو ستەیە بکەن لەووی ڕۆزمانییەوە!.
*(گوێت لەم قسەکانم بێت_ل336).
*(ماوەی چەند مانگێك بەزەمەنکی لووسدا تێپەڕ_ل350). تێ بگەی شتێك هەبێت بەناوی زەمەنی لووس و زەمەنی زبر؟.
*(خێی کرد بەخەو_ل413).
ئەمانە بەشێك بوون لەودەربڕینانەی لەووی زمانەوە، چەند کەمو کورتییان هەیە، کەدەیانی تریشمان بواردووەو نەمان نووسیون.

دووەم:_نووسینی وشە بە ڕێنووسی جیاواز:_

وەرگێڕی ئەوڕمانە، ڕەچاوی هیچ ڕێسایەکی زمانەوانی و ڕێنووسی نەکردووە لەکاتی وەرگێڕاندا. بۆیە لەچەندین شوێندا، چەندین وشە بەڕێنووسی جیاواز دەبینین. تەنانەت وشە هەیە بەپێنج جۆری جیاوازی ڕێنووسی نووسیوە.وەك:(تلفۆن ل130/تەلەفۆن ل139/تەلیفۆن ل142/تلیفۆن ل30/تیلفۆن ل31).وبۆرای ئەمەش دەیان وشەی تری بە ڕێنووسی جیا

نووسیوه.وەك:_(سكس_سیكس/دەیگووت_دەیگوت/بانق_بانك/خوود_خود/شووقە _شوقە/پەسپۆرت_پاســـــــــــــــــــــپۆرت/روخسار_رووخسار/كۆچە بەر_كۆچبەر/ساختە_ســەختە/عەبدولەعەزیم_عەبدولەعەزیم/رەشید_رەشیدد/ سەرەدەم_سەردەم). ئەمانەو چەندان وشەی تر، كە دەكرێ خوێنەران لە كاتی خوێنەوەی ڕۆمانەكەدا خۆیان تێبینی بكەن.

سێیەم:_ هەڵەی چاپ:_

بۆواناكەم هیچ ڕاپەڕەیەكی ئەو ڕۆمانە هەبێت، هەڵەیەكی چاپ و تایپكردنی تێدا نەبێت.هەربۆ ئاماژەكردن تەنها لەپێشەكی ڕۆمانەكەدا كە خودی وەرگێڕ نووسیویەتی،نزیكەی دەهەڵەی چاپ هەیە. ئەم هەموو هەڵانە دەلالەتن لەوەی كەڕۆمانەكە هیچ پێداچوونەوەیەكی بۆنەكراوەو وەرگێڕەكەی هەرمەبەستی بووە زوو وەریبگێڕێت. ئەگەرچی كەم بۆاوكراوەهەیە هەڵەی تێدا نەبێت، بەڵام بەوشێوەیە نا. لێرەدا ئاماژەبەهەندێكیان دەكەین.بۆنموونە:_(نامەی كاغزی ڕا18/خاڵ پشكن _ڕا20/توانەی گوێگرتن_ڕا88/ هاولایەتیانی شار_ 95/كۆچەبەر _ڕا276/تەنگە نەفاسی_ڕا144/بورار_ڕا142/ ناسنامەی سەختە_ڕا109/ گەڕتەت لەگەڵا دەكەم_/لەوكەتەی_ڕا144/ ناخێ_ڕا277/بەجێهێت_ڕا200/ دارامان_ كەمەبەست دامانە). ئەمانەودەیان هەڵەی چاپی تركەدەكرێ بۆدنیایی زیاترخوێنەران خۆیان ڕۆمانەكە بخوێننەوە. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، كەكاتێ لەخوێنەوەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە، گەیشتمە ئەودەرەنجامەی كەوەرگێڕی ڕۆمانەكە، هیچ سەروكاری لەگەڵ وەرگێڕان نییە. لەوانەیە عەرەبی بزانێت و زۆرباش قسەشی پێ بكات، بەڵام زمانەكەی زمانی وەرگێڕان نییە.ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە دەرگای تەباشیر ئەو ڕۆمانە جوان و بەچێژو گرنگە نییە وەك ئەوەی وەرگێڕەكەی لە دەیان شوێن بانگەشەی بۆكردووە، كەدیارە هۆكارەكەی چییە.بەپێچەوانەوە، ڕۆمانێكە ووداوەكانی تێكەڵ و پێكەڵن، هیچ پەیوەندییەكی ئۆرگانیكی و بابەتی لەنێواندا نییە. كەڕەنگە ئەمە پەیوەندی بەوەرگێڕانەكەیەوە هەبێت.دەرگای تەباشیر، نەڵەڕۆمانی شەماعیە، نەڵەڕۆمانی كوژرانی كابرای كتێب فرۆش، نەڵەڕۆمانی فیتنە، كەهەرسێكیان هی سێ نووسەری عێراقین، جوانترو بەچێژتر نییە. هەرخوێنەرێكیش گومانی لەوبڕچوونەی من هەیە، بابچێت دەرگای تەباشیر بخوێنێتەوە!!…

*پەراوێز_ دەرگای تەباشیر/ ڕۆمان-نووسینی ئەحمەد سەعداوی/ وەرگێڕانی/ دانا عەسكەر/ بڵاوكراوەی دیالۆگ 2018.

سەدیق سەعیدواندزی

کاك ئارام وانابێت! ...خدر حسین بەشی سێهەم ....

ئالبێت کامە دەبێت:(بە ئاوەی ڕشنبڕێتی دروست بکەیت تەنها کەشانی ڕاستە بەسڕی پەنجەکانتدا بەس نین)
هەروەها دیستۆفیسکی دەڵێت: ' ئەدەب لێگامان پێدەدات بە زیاتر ناسینی مرۆڤ'... کەواتە دەکرێت بڵێین نووسین ڕەنگدانەوەی ناخ و کەسایەتی مرۆڤیشە و لەو ڕێیەوە دەتوانین زیاتر بیناسین.
پیرەمێردی شاعیریش جوان دەفەرمێت:
پێی بڵێ بە پالی بەرزە ..... لەقەش بە سەر پالی بەردار
کەواتە بەردگرتنە پالی بەردار نیشانەی شکستی بەردهاوێژە، کە ناتوانێت بگاتە پالەکە و نەیتوانیوە خۆکانیش هەمووان بکاتە کەپی فشەل و نوشوستەکانی خۆی و وەك ئەو ببینن و بیربکەنەوە و ڕەفتار بکەن.
(ئیمیل سیوران)یش دەڵێت: یەکەمجار دەبێت خوێندنەوە لەپێناو ناساندنی خود بێت نەك کەسانی تر.
لەم بەشەدا چەند خاڵێکی گرنگ دەخەمە ڕوو کە وەکو مەرجی باشی و سەرکەوتوویی ڕەخنەگر تەماشا دەکرێت و ئاوسا بە بەراورد بە نووسینەکانی کاك ئارام، بزانین لە ڕووەوە مەوداو بەشاییەکی چەند دەبینینەوە هەست پە دەکەین:

*** توانا زیهنییەکان:**

مەرجەکی زۆر سەرەکی کارکردن لەسەر دەقی ئەدەبی و نووسینی ڕەخنە دەربارەیان داواخوازی ئاستێکی بەندە لە تێگەشتن و ڕاچوون، بەو مانایەی ڕەخنەگر دەبێت توانای تێگەشتن و لێکدانەوەو پێی بردنی هەبێت بە وردو درشتی ئەو دەقەو هشتەو بواری دەقەکەش، بە نموونە لە دنیاو هونەرکانی ڕەمان یان چیرۆك یان شیعر ... زۆر شارەزا بێت. ئاوەها دەتوانێت خاڵێ دوورو شاراوەکانی مەبەستی نووسەر کەشف بکات و بە کارێکی تازەی ڕەخنەیی هەستێت.

*** ئاستی ڕشنبیری و مەعریفیی:**

کەسی ڕەخنەنووس وەکو گوتراوە دەبێت دەریایەک بێت لە عیلم و عیرفان، لە زانست و ئەدەب، لە فەلسەفەو ڕەشنبیریی، خاوەنی زەخیرەیەکی هەندە دەوڵەمەند بێت لە بوارەکانی دەرەوەی ئەو هشتە ئەدەبییەشدا تیایدا دەنووسێت، تا پێی بە دیدگا هەمەچەشنەکانی دانەر ببات و لێکدانەوەیان بۆ بکات و بگرێ ئەو لە دانەر زیرەکتر بێت و بتوانێت ئەو خاڵە پۆزەتیڤانەی لای دانەریش خامۆشە ئەم بە زانستی بەربەاوی خۆی ئاماژەیان پێ بدات و بیانهێنێتە سەر ڕووکار. بەگومان لەمبارەدا وەک هەوڵێی ڕەخنەنووس بۆ خەڕشنبیرکردن کاریگەریی هەیە، هەرواش ئاستی خوێندەواریی و بەوانامەو زمانزانین کاریگەریی گرنگی دەبێت.

*** باری دەرووونی:**

جگە لەوەی کاتێک ڕەخنەنووس دەیەوێت سەروکاری دەقێک بکات دەبێت لە ئەلفو بێی ڕەخنە زۆر شارەزا بێت و جیای بکاتەوە لە جۆرەکانی تری وەکو وتار و ڕانان و هەجوکردن و شکاندن، خاڵێکی زۆر گرنگی تر کە کاریگەریی دەبێت لە سەر ئەنجامی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا، ئەویش باری دەرووونی ڕەخنەگرە کە دەبێت زۆر ئاسایی بێت و لە ژێر کاریگەریی هیچ هەژارەکی ناوەکی و دەرەکی خودو لاوەکی دەق و دەقنووسدا نەبێت و هەروەها خۆشی نیشانە سلبیەکانی دەرووونی تیا نەبێت، وەکو هەستکردن بە کەمیی و نەزانین، نەزعەی ڕق و تۆڵە و شکاندنی بۆرانبەری تیانەبێت بە خۆ بەندکردن، هەروەها لە پرەنسیپی دادگەریشدایە حاکمەکان دەبێتە لە ژێر هیچ فشارێکی ناوەکی و دەرەکیدا نەبن تا حوکمەکانیان دروست بێت.

*** لێم ڕەشناییانەوە:**

لە ژێر تیشکی ئەم ڕاستییانەی لەسەرەوە باسمان کردن باپرسیار لە کاک ئارام بکەین و بزانین تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی ڕەخنەیی موعتەبەری لە چ بەاوکراوەیەدا بەاوکردووەتەوە و ئەم نەمانبینیوە تا بیخوێنینەوە، من تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی کاک ئارامم نەبینیوە لە هیچ گۆڤارو سایت و ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیدا بەاوکرابێتەوە، ئەوش دەینوسێت تەنها لەناو ئەو کتێبانەدایە کە خۆی بە ڕەخنەی دەزانێت و هەر خۆشی چاپییان دەکات، کە بە هیچ پۆوڕەک بە لای ڕەخنەی کلاسیکیشدا ناچن، کە ئەو ڕەخنە کلاسیکیانەش کاریان هەر شیکارییەکی سادە بوو. کاک ئارام ئەمشی نەکردووە.

ئەوانەش دەکەونە بەر هەرشی شکاندنەکانی کاک ئارام هەموو کەسانی بەهرەمەندو زیرەکی بواری ئەدەبی کوردین، وا تەدەگەم کاک ئارام لە ماوەی ئەو هەرشکردنانەی بە سەر ئەو نووسەرانە بەیت منیش هەم، ئەوە نییە هەموو ئەوانەی خاوەنی بەهرەو جیاوازین من تەکیان دەشکێنم و زەربی سفریان دەکەمەوە، کەواتە من لە هەموویان موهیمترم.
بە نموونە لە گەنجترین نووسەرەوە بیگرین کە (گەشبیر ئەحمەد) یە ، دەبینین خاوەنی بەهرەو زیرەکییەکی لە رادەبەدەرە، بە شێوەیەك لە ماوەیەکی کەمدا توانیویەتی خوێنەرێکی زۆر بە شێوازی خۆی پەیدا بکات و کارەکانی کاردانەوەیەکی باشی هەبیت، ئەگەر لای کەسانێکی وەکو کاک ئارامیش بە شکستخواردوو و بوودە لە قەڵەم بدرێن، ئەوا واقیع تەواو پێچەوانەی ئەم تێوانینە پێ کینەو هەڵەیە.

باشترین ڕێگا بۆ باری دەروونئارامیی کاک ئارام ئەوە پێشنیار دەکەم واز لە کارێك بهێنێت کە لە توانای ئەودا نییەو مەرجەکانی ئەو کارەی تێدا نییە، بە تایبەتی کە قسەمان لەسەر ماماڵەکردن لەگەڵ زەریای نابەجێستەو پێ نهێنی و جوانی ئەدەب. زۆر ئاسایییە بۆ بژێوی ژیانی کاری کامەرامانی بکات لەو کەناڵانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەن لەبری ئەوەی سەر لە خوێنەران تێکبدات و خێکانیش ئازار بدات.

مـــــــــــــردن … عومەر خەتات

میلی کاتژمێرەکە وا بەرەو چوارونیوی ئێوارە شەدەبێتەوە، کەمبیوتەرەکەم کوژاندەوە و لە ژوورەکەم هاتمەدەرەوە، بەجگە لە من و بەدەنگی کەسی تر لە ئۆفیسەکە نەماوە. هەستم بە ئازارێك کرد کە بەلای گوێمدا بەرەو چەقی سەرم هەنگاودەنێت. زۆر گوێم پێ نەدا، چونکە سەرئێشەی دوای ئیش ئاساییترین شتە کە دووبارە دەبێتەوە. کەڵە پشتەکەم پێچایەوە و گەڕەکانم کوژاندەوە و دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە داخست و هاتمەدەرەوە. بەناو بازاڕە داخراوەکەدا ڕەم کرد، لەتاو ئازاری سەرم چاوم کەسی نەدەبینی، لە ناڕەحەتی خەمدا هەنگاوەکانم زیادکرد بۆ ئەوەی زوو بگەمە میترەکە و لەی دانیشم تا دگەمە ماڵەوە، پێش ئەوەی بگەمە سەر پلیکانەکان تۆزمەکی ئازاری قورس لەناو بەدەنمەوە سەرکەوت و زرمەی لە مێشکم هەساند و

کوژامەوە، تومەس مردن هەر تەنیا ئەم بڵادا هاتنەیە.

خەڵکەکی زەر لەدەوری لاشەکەم کەبوونەوە و بەشکیان دەستیان کرد بە تەلەفون کردن بۆ ئیسعاف و پۆلیس. گوێم لەبوو ژنەك وتی وەی دایکت بمرێ، من ئەو پیاوە دەناسم، ئەوە لە دایرەی کار ئیشدەکات و تابڵێی کوڵەکی دەگەورەیە و یارمەتی خەڵکیش زەر دەدات، یەکەکی تریان وتی، فەقیرە، خۆ هەشتا گەنجە! لەم قەرەباغی و مقەمقەیەدا ئەتەمبیلی ئیسعاف گەشتە شوێنەکەو منیان پێچایەوە و بردیانم بۆ خەستەخانە. هەر لەناو ئیسعافەکەدا دەستکیان دا لە دەماری ملم، ئەوکاتەی کە دەنیابوون مردووم، ئەوانیش وازیان لەهێنام و کەوتنە قسەکردن لەگەڵ یەکتر.

بردیانم لە ژورەکی تاریکدا دایانانام، ئەوشەوە تا بەیانی زیتەی چاوم دەهات. لەم ساتەدا بیرم لە مردنەکەی خۆم دەکردەوە، لەلایەکەوە پەمخۆش بوو کە مردم چونکە ئیتر نەجاتم بوو لە کرێ خانوو و قەرزکانی بانك، لە چوونسەر ئیشی ڕۆژانە و لەو دەموچاوانەی کە حەزم پێیان نییە و ڕۆژانە لەبەر لووتمان قووتدەبنەوە. لە هەمانکاتدا ناڕەحەتیش بووم کە زوو مردم، چونکە ناتوانم بچم بۆ ژووانی ئەو کچەی کە تازە ناسیومە و وەعدم پێیدابوو بەم زوانە یەك ببینین.
لە هەمووی ناخۆشتر بیرم لە کۆمپیوتەرەکەم دەکردەوە کە پاسوردی هەیە و ئەبە کە بتوانێت ئەو پاسوردە درێژە بیست و هەشت پیت و ژمارەیە بشکێنێت و هەموو ئەو وێنە حەرام و ناحەڵاڵانە بکاتەوە، بتوانێت ئەو نامە نهێنیانە بدزێتەوە کە بەدرێژایی تەمەنم کۆمکردونەتەوە و تاکە سەرمایەی منن. بە بیانییەکەی دەرگاکەیان لەکردمەوە و لاشەکەیان بردم، ڕووتیان کردمەوە و پاك شۆردیانم، جلی پاکیان لەبەرکردم و خستیانمە ناو سندوقێکی پاکی جوان کە قوماشێکی سەتەنی ڕەنگ شەکەری ناوەکەی رازاندبوو.

